# فەزڵی ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**پێشڕەو محمد**

پێداچونەوەی: **پشتیوان سابیر عەزیز**

2013 - 1434

IslamHouse.com

# فضل صيام يوم عاشوراء

« باللغة الكردية »

بيشرو محمد

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# فەزڵی ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا

ئەگەر چاوێك بخشێنینەوە بەمەراسیمە ئاینێكاندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە كەهەریەكێك لەو مەراسیمانە وێستگەیەكی پاك كەرەوەی دەروونە لەژەنگی تاوان و بەهێزكردنی ناخی باوەڕدارە بەئاوی پەرستش وخواپەرستی

ڕۆژەكانی مانگی ( موحەڕەم)یش، یەكێكە لەو وێستگانە بۆ ڕۆژووگرتن وخواپەرستی وپەند وەرگرتن لەڕووداوەكانی ئەم مانگە

وەكو پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیەوسلم)فەرموویەتی: (باشترین ڕۆژوو لەدوای مانگی ڕەمەزان مانگی موحەڕەمە) 1

لەم ڕۆژانەدا هیجرەتی پڕشكۆی پێشەوامان دێتەوە یاد لەشاری مەككەوە بۆ مەدینە كە بووبە بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتی دادپەروەری وڕاستی،بەهەمان شێوە سەرخستنی پێغەمبەر موسامان دەخاتەوە یاد بەسەر فیرعەونی ستەمكاردا كەئەمەش دەكاتە دەیەمین ڕۆژی ئەم مانگە كەپێ دەگوترێت (عاشورا).

ئەم ڕۆژە زۆر خۆشەویستە لای پەروەردگارمان، بۆیە پاداشتی زۆر گەورەی داناوە بۆ هەرکەسێك بەڕۆژووبێت لەم ڕۆژە مەزنەدا.

## تایبەندمەندێتی ڕۆژی عاشوراو پاداشتی ڕۆژووەکەی

هەر لەم ڕۆژەدابوو ڕەمزی ستەم(فیرعەون) ڕووخاوو رەمزی دادپەروەری (موسی) سەرکەوت وەکو ابن عباس (ڕەزای خوای لی بێت) فەرموویەتی: کاتێك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کۆچی کرد بۆ مەدینە بینی جوولەکەکان بەڕۆژوون لەڕۆژی (عاشورا) دا، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) پرسیاری کرد هۆی چیە ئەمانە بەڕۆژوون لەم ڕۆژەدا ئەوانیش ووتیان ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی مەزنە چونکە پەروەردگار پێغەمبەر (موسای) تێدا ڕزگار کرد لەچنگی فیرعەون،بۆیە موساش بڕیاری دا کەلەم ڕۆژەدا بەڕۆژووبێت وەکو سوپاسێك بەرامبەر بەپەروەردگار،پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: (ئێمە نزیکترین لە موسی تاوەکو ئێوە)بۆیە بەرۆژووبوو وەفەرمانی کرد کە خەڵکیش بەڕۆژووبن2

رەنگە پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە (پەروەردگار وەحی بۆ ناردبێت یان بە تواتر لەخەڵکەوە وەری گرتبێت) 3

وەدەربارەی گەورەیی ڕۆژووی ئەم ڕۆژە هاتووە:

*لە ( أبو قتادە)ەوە، ( ڕەزای خوای لێبێت) پرسیار کرا لە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) دەربارەی پاداشتی ڕۆژوو لەم ڕۆژەدا (عاشورا) ئەویش فەرمووی: دەبێتە هۆی لێخۆشبوونی یەك ساڵی پێشوو لەتاوان)

لەریوایەتێکی تردا هاتووە(داوام وایە ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا ببێتە هۆکاری سڕینەوەی یەك ساڵی تاوانی ڕابردوو)4

ئیمامی بەیهەقیش فەرموویەتی: (ئەگەر هەرکەسێك لەساڵی ڕابردوودا تاوانی هەبێت ئەوا ڕۆژووی ئەم ڕۆژە دەبێتە مایەی لێخۆشبوونی وەئەگەر تاوانیشی کەم بوو ئەوا پلەی بەرز دەبێتەوە لای پەروەردگار) 5

بەڵکو تەنانەت پاداشتەکەی هاوشێوەی ڕۆژووی ساڵێکە (ذاك صوم سنة ) 6

*(ابن عباس)(ڕەزای خوای لێبێت)فەرموویەتی: ( نەم بینیوە پاداشتی ڕۆژووی هیچ ڕۆژیك گەورەتربێت بێت لای پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لەڕۆژووی ڕۆژی عاشورا، لەمانگەکانیشدا هیچ مانگێك گەورەتر نەبووە لە لای لە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان)7

* پیاو چاکانی پێشین(السلف الصالح) زۆر بایەخیان بەڕۆژووی ئەم ڕۆژە داوە تەنانەت هەندێکیان لەکاتی سەفەردا بەڕۆژووبوون بۆئەوەی ئەو پاداشتەیان لە دەست نەڕوات،وەکو(ابن رجب) بۆمان دەگێڕێتەوە لە ( ابن عباس وابواسحاق السبیعی والزهری) فەرموویەتی:(لە حاڵەتی سەفەردا لەمانگی ڕەمەزان دا دەتوانیت بەڕۆژوونەبیت چونکە ڕۆژەکانی تر کات بەدەستەوەیە بۆ ڕۆژوو، بەڵام لەڕۆژی عاشورادا ڕۆژ نیە جێگەی بگرێتەوە بۆیە باشتر وایە لەسەفەریشدا بووی بەڕۆژووبیت لەم ڕۆژەدا) وەئیمامی ئەحمەدیش بەهەمان شێوە ئاماژەی پێداوە کەدەتوانی لەسەفەردا بەڕۆژووبیت لەم ڕۆژەدا 8

**چۆنیەتی بەڕۆژووبوون لەم ڕۆژەدا:**

پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (ئەگەر ساڵی داهاتوو هاتەوە - ان شاء الله - ڕۆژی نۆیەمیش بەڕۆژوودەبین) ئەوە بوو ساڵی داهاتوو پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد9 ، کەواتە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی ڕۆژی نۆیەمیش بەڕۆژووبین،وەکو (ابن عباس) (ڕەزای خوای لێ بێت) بۆمان دەگێڕێتەوەوفەرموویەتی: (پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) فەرمانی کردووە بەڕۆژووبوون لەڕۆژی عاشورادا)10

وەفەرموویەتی: ( خۆتان مەچوێنن ( مەشوبهێنن) بەجوولەکە ڕۆژی نۆیەم ودەیەمیش بەڕۆژووبن)

==============================

(1)رواه مسلم، ح/ 1163.

(2) البخاري، ح/2004، ومسلم، ح/11330، واللفظ له.

(3) فتح الباري: 291/4.

(4) رواه مسلم، ح: 1162.

(5)فضائل الأوقات، للبيهقي: 439.

(6) رواه ابن حبان: 394/8، ح/3631 قال شعيب الأرناؤوط: إسناده على شرط مسلم.

(7) رواه البخاري، ح/2006، ولا يعني هذا تفضيله على يوم عرفة، فإنه يكفر سنتين، ويتميز بمزيد فضل لما يقع فيه من العبادات والمغفرة والعتق، ثم إنه محفوف بالأشهر الحرم قبله وبعده، وصومه من خصائص شرعنا، بخلاف عاشوراء، فضوعف ببركات المصطفى صلى الله عليه وسلم (انظر: بدائع الفوائد: 211/4، والفتح: 292/4، ومواهب الجليل 403/2).

(8) لطائف المعارف، لابن رجب: 110، وأخرج أثر الزهري البيهقي في الشعب: 3/

(9)رواه مسلم ح/1134

(10)أخرجه عبدالرزاق (7839)والبيهقى ( 782/4)من طريق ابن جريج عن عطاء وهذا اسناد صحيح